## پیرۆز بیت ڕۆژی جیهانی کریکار!

ئەمساڵ کرێکارانی ئێران لە هەلومەرجێکدا پێشوازی لە ڕۆژی خویان ئەکەن کە بە هۆی پێشکەوتنو بەربڵاو بونی خەباتی کرێکاری لە سەرتاسەری ئێران، چینی کرێکاری ئێمە لە گەڵ چین و توێژە هاوپەیمانەکانی ساڵێکی پڕ بەهرە و ئەزمونی بە قیمەت و شکۆداریان بردوەتە سەر. کرێکارانی ئێران لە مێژەوە لە جەریانی خەبات و تێکۆشان بۆ بە دەست هێنانی داخوازیە ئابوریەکانیان هەموو کاتێک ڕووبەڕووی بەربەستە دیکتاتۆریانە بوونەتەوە و جگە لە چەشنە خەباتێک دژ بە دەوڵەت و تەنانەت وەستان لە بەرانبەر هێزە چەکدارەکانی ڕەژیم توانای بەرەو پێشبردنی خەباتەکەیان بۆ وەدست هێنانی بەهرەیکەی باشیان سەرکەوتو نە بوونە. بەڵام لە ساڵی ڕابردودا توانیان هیندێک تەجرووبەیتر کۆکەنەوە و بیکەنە توێشە بۆ داهاتوو. لە ساڵی ڕابوردودا ئێمە شایەتی خەباتێکی نوێی کرێکاری بوین، ئەمجارە کرێکاران دژ بە تاکە سەرمایەدارێک یان بە واتایەکیتر خاوەنی ئەم کارخانە و ئەو کارخانە و یا تاکە شوێنکی بەرهەم هێنان نەوەستان بەڵکو ڕاستەوخۆ دژ بە دوڵەت ڕاوستان و خستیانە ژێر بەڵاماری خۆیان. بەیانی ئەم ڕاستیە لە فورمی تئۆریکیدا ئەمەیە کە کرێکارانی ئێران بە هۆی دەسەڵاتی دیکتاتوریکی لە ڕادە بەدەر تورە و خوینمژ کە خۆی بەرهەمی دەسەڵاتی ئیمپریالیزمو حاکمیەتی سیستەمی سەرمایەداری وابستەی بە سەر کومەڵگای ئێمەدایە، کە هەر چەشنە خەباتێکی ئابوری دژ بە سەرمایەدار یا خاوەنی ئیشو کار بە زووترین کات ناچار جیگای خۆی ئەگۆڕێتەوە بە خەباتی سیاسی بەرانبەر بە حاکمیەت (لە نۆرمی مارکسیستیدا، 'بەرانبەر بە دەوڵەت') دەوڵەتێک کە بە کردەوەی دیکتاتورانە بو پاراستنی سەرمایەدارەکان ڕووبەڕووی خەباتکاران دەبێتەوە. بە ووتەیەکیتر، بە هۆی بوونی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئیمپریالیستی لە ئێراندا، خەباتی ئابوری کرێکاران لە زووترین کاتدا بەرز ئەبیتەوە بو خەباتی سیاسی و لە پرۆسەی ئەم ئالو گۆڕەدا، بە هۆی ڕووبەڕوو بوونی هێرشی سرکوتگرانەی دەولەتی سەرمایەداری، ناچار خەباتی سیاسی چینی کرێکار ئەبێتە تیاهەڵچوونێکی توندوتێژانە. لە ساڵی ڕابردودا خەباتی کارێکاران ئێمە لە سەرتاسەری ئێراندا، لە ئەراک (اراک) و ئیسفان و تەورێز بگرە تا زەنجان و خوزستان و... لە ڕاستیدا سەرتاسەری ئێران ئاسەواری ئەم دژایەتیە چینی کرێکار دەرخستو پێشاندرا. چینی کرێکاری لە ساڵی رابردوودا سەرەڕای هەلومەرجەکانی سەرکوتگرانە و دیکتاتۆری و بەتایبەت جەوی ترسناک، بگرەوبەندو شەلاقو زیندان، لە خۆ رابردووانە و فیداکارانە بەڕیزەکانیان، لە کۆبونەوەکانیاندا، بە هاتنە سەر جادە، بە دربڕینی درۆشمی بەجێگا و بەنرخ، هەر وەها بەیان کردنی بیروباوەڕ و ووتاری ئازایانە، سەرەڕای سانسور کردنی خویان، پیشاندەری بەرز بوونەوەی پلەی ئاگاهی سیاسی و چینایەتیان بە هەموو ڕاگەیاندو خستیانە ژێر چاودیری و

لێکولێنەوەی هەمووان. بە درێژای ئەم خەباتە، کرێکارانی پێشڕۆی ئێران، بەتایبەت لە ناوەندی کارخانەو شوێنە گەورەکانی بەرهەم هێنان وەک ئەراک، فولادی ئەهواز و حەوت تەپە، بە بۆنەی زۆرینەی کرێکار لەم شوێنانەدا، پیشانیاندا کە کرێکاران نەترسانە ئاگادارنو هەر وەها لە ڕووناکبیرەکان، 'کە بی ئەوە جیاوازی هەلومەرجی دیکتاتوری ئیمپریالیستی داسەپاو بە سەر ئێراند، لەیەک جیاکەنەوە ڕێنمونی ئەکەن تا ئاگاهی سیاسی بە شێوەیەکی ئاشتی خوازانە بچێتە ناو چینی کرێکار' پێشڕەوانی چینی کرێکار ڕاستیەکانی کومەڵگای ئێرانیان لەوان باشتر و زیاتر ناسیوەو ئەزاننو لە زانستێکی بەرزی چینایەتی و سیاسی بەرخوردارن.
لە ئاوا کاتو هەلومەرجێکدا دیارە کە ڕەژیمی دیکتاتکۆری حاکم مەودا و مۆڵەتی بەرێوەبردنی ڕێورەسمی یەکی ئەیار ڕۆژی پیشاندانی جنگاوەری ماندوو نەبوانەی کرێکاران و یەکیەتی و خەبات گێریان دژ بە سەرمایەدارەکان لە سەرتاسەری جیهانەدا بە کرێکارانی ئێران نادات. بۆ؟ لەبەر ئەوە ئەزانێت کە کرێکارانی وریای ئێمە، نە تەنیا بە دەرپرینی ئەو ئێش و ئازار و گێروگرفتانە کە لە سەر رێگایاندایە، بە زمانێکی ساکار کە هموو توێژ و لایەکانی چینی کرێکارو ڕەنجدەران تێدەگەن، پیشان ئەدەنو ئەتوانن خەبات بە شێوەیەک کە بتوانن بگەیەنە داخوازیەکانیانو بە چەشنێک ببەنە پێشەوە تا بتوانن لە ژێر سێبەری دیکتاتوریدا هەزاران کرێکاری جوان فێری شوڕشگیری دژ بە سەرمایەداران و ڕەژیمی حاکم بکەن. ئەم کە ئیمساڵ ڕەژیم چە چەشنە فڕوفێڵێکی تاکتێکیک بەکار دەبا بۆ بەرگری کردن لە بەڕێەوە بردنی ڕێورەسمی ڕۆژی جیهانی کرێکار، بەم زوانە بۆمان دەر ئەکەوێت، بەڵام دیارە کە کرێکارانی شوڕشگێری ئێران هەر وەک سالانی ڕابردوو بە ئیبتیکاری خۆیان ڕێز لەم رۆژە دەگرنو ڕێورەسمەکەی ئەبەنە ڕێوە. هەر وەها ئیمساڵ لە هەلومەرجێکدا ڕۆژی جیهانی کرێکار دێتە پێشەوە کە بە داخەوە بە بۆنەی تایبەتمەندیەکانی زاڵمانەی سەرمایەداری حاکم بە سەر وەڵاتدا، سەرەڕای ئەمە کە کرێکاران غەرقن لە هەژاری و کەساسیدا، بەشێکی گەورە لە وەڵات کەوتە ژێر لافاوو، لافاویکی کوشەندە کە ماڵ و ژیانی زۆربەی خەڵکی هەناسە سارد بەتایبەت بێبەشترین و هەژارترین توێژەکانی مەردمی بردو ئەوەندەیتر داماوو هەژاریانی کرد. لافاو وەک ڕوداوێکی سروشتی، لە کاتێکدا ڕویداو کۆمەڵگای ئێمە، دوچاری موسیبەتێکی گەورە و ترادژیکی ئازاردەر کردوە، کە بناغە غەیرە عیلمیو ناڕەواکانی وەشاوە لە حرس و تەماعی سەرمایەدارەکان لە لایەکەوە و نە بوونی هرچەشنە هەستێکی برپرسانە لە لایەن ڕژیمی پارێزەری سەرمایەداەکان (کۆماری ئیسلامی) لە لایەکی ترەوە یارەمەتی نەدانی خەلکی لافاو لێداو ئەم بەڵاو ترادیژێیەی چەند بەرابەر گەورەتر کرد. خەڵکانی لافاو لێداو بەرابەر بە دوربینەکان راستیەکانیان خستە دەر و بە هاوارەوە، سوپاسی جەماوەریان کرد بۆ یارمەتیەکانیانو، بە ئاشکرا دەریان یڕی کە هیچ چەشنە یارمەتێک لە لایەن حکومەتوە بە ئەوان نەگەیشتوە. لافاو لێداراوەکان ئازایانە بەرانبەر بە بەرپرسانی دەوڵەت سەرەڕای پاسەوان و پارێزیر، وەستان و بە زمانێکی بی زمانیەوە پرسیار ئەکە کە کۆماری ئیسلامی سەروەت و

سـامانی کۆمەڵگـای ئیـران خەرجـی پێشخسـتنی سیاسـەتەکانی سـەربازی ئامریکـا و ئیمپریالیستەکانیتر لە سوریە و هتد ئەکات. هەر وەها لێیان ئەپرسن، بۆ ئەتوانن لە سوریە پارە خرج کن بەڵام ناتوانن یارمەتی خەڵکی لافاو لێداوی ئێران بدەن؟ هەر لەمبارەیەوە، جەماوەری تورەی لافاو لێداو بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و هیزە جەکدارەکانیان، کە تەنیا بۆ فیس کردن و نمایشدان سەردانی ناوچە لافاو لێداوەکان ئەکەن، ئازایانەو نەترسانە دارکاری ئەکەن و بەدار و بەرد و تەنانەت چەکی گەرم هجوم ئەکەنە سەریان و لە هەرێمی خۆیان ڕاویان ئەنێن. تەنیا ئەم ڕاستیە پیشاندەری پلەی تورەی و نەفرەتی کرێکارانو زەحمەتکێشانی ناوچە لافاو لێداوەکانە سەبارەت بە ڕەژیمی وابەستە بە ئیمپریالیزمی کۆماری ئیسلامیە.

هەر وەک لە ڕاپەڕینەکەی مانگی بەفەرانبـاری (دی مـاه) سـاڵی ١٣٩٦دا کرێکـاران و زەحمەتکێشانی ئێران بە ئاشکرا هاواریان کرد نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی، ئەمڕوش لە کانگای دڵێکی پڕ لە ڕقوقینی خۆیان نسبەت بە کۆماری ئیسلامی – بە چەشنێک لە درۆشمو ووتار و کردەوەی کرێکاران و زەحمەتکشاندا دەرئەکەویت – و دوپاتی ئەکەنەوە. لە سەر ئەم ڕاستیە کمونیستەکان وەک پێشاهنگی کومەڵگا ئەبێت بایەخ بدن بە پێویست بوونی سەرنگونی کۆماری ئیسلامیو هەموو تێکۆشانی خۆیان ترخان کەن بۆ پیشاندانی ڕێگایەک کە جەماوەر بتوانن لەو ڕێگایەوە ڕەژیمی دژ خەڵکی وابەستە بە ئیمپریالیزم برروخێنن و سەرکەوەن. لە سەر ئەم بنەمایە، بایەخ نەدان بەم پێویستە (سەرنگونی کۆماری ئیسلامی) و بە پێچەوانە خوازیاری بژاردنی زەرەر و زیانی لافاو لە لایەن کۆماری ئیسلامیە بون، واتا دواکەوتن لە جەماورو ئاموژیاریو ڕێنونی کردنیان چەواشە کردنی خەڵک و کارێکی ڕفورمیستیانیە.

لە پیشوازی ڕۆژی جیهانی کرێکاردا ئەبێ بە مەسەلەیکیتر ئاماژە بکەین کە بە داخەوە، لە ناو بزوتنەوەی کمونیستی، ئەو گروپانە کە ئیدەعای پشتیوانی لە چینی کرێکارانو ئێدەلۆژی ئەم چینە واتا مارکسیزم- لنینیزم، ئەکەن، لە حاڵەتێکدا بەردەوام خوازیاری یەکیەتی چینی کرێکار لە ئۆرگانە چینایتیەکانی خۆیاندان، باس و ووتار بەڵاو دەکەنەوە، بەڵام هیچ ڕێگایەکی واقیعبینانە کە بگونجێت لە گەڵ هەلومەرجەکانی ئەمڕوی کۆمەڵگای ئێراندا پێشان نادەن. ئەوەی کە ڕاستی بێت، کرێکاران لە کۆمەڵگای دیکتاتۆر زەدەی ئێراندا تەنیا بە خەباتکارنی جەریانی خەباتی چکدارانە لە کۆمەڵگادا کە سەرەتا لە لایەن گروپە سیاسی – سربازیەکان، پێکهاتوو لە کرێکارانی ئاگا و ڕوناکبیرانو شورشگێرانی ئینقلابیوە ئەتوانرێت پێک بێتو رێک کەون. بۆ؟ چونکە لە جەریانی خەباتی چەکدارانو ڕاکێشانی جەماوەر بۆ ناو خەباتی چەکدارانەیە کە درز ئەکەوێتە بەربەندی دیکتاتۆری حاکم و دروست بوونی هەلومەرجەکان بۆ بەرز کردنەوەی هەرچی زیاتری ئاگاهی سیاسی و دروست کردنی رێکخراوەی چینایەتی و جەماورەیەکان.

لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکار شەڕی دژ بە چینی کرێکارو توێژەکانی جەماوەری داماوی ئێرانی دەست پێ کرد. ئەمە شەرێکی ناوخۆیە، بەڵام شەڕیکی نابەرابەر، ئەبێت 'باڵانسی هێز'(توازن قوا) لەم شەڕە نابەرابەرەدا بە بەکار هێنانی تاکتیک و

ئیســتراتیژەکانی دروســت و بەرابەر لە گەڵ ڕاســتیەکاندا بگــۆڕێن؛ ئەبێــت ئەم نــابەرابەریە لە پێشدا ببیتە بەرابەری لە پاشاندا، بە ریک خستن، ڕێکخستنی هیزی چەکدارانەی جەماوەر لە ژێر ڕابەرایەتی چینی کرێکار، خەباتی سیاسی و سربازی جەماوەر بەهێزتر ببێت، تا بتوانین لە ڕۆژانی سەرنگونی کۆماری ئیسلامیو پچرانی یەک جاری لە ئیمپریالیزم لە ئێراندا درۆشمی نان، کار، ئازادی، ئیدارەی شۆرای کومەڵگا بێتە دی و بگاتە ئەنجام.

**ئەکی ئەیار ڕۆژی جیهانی کریکار پیرۆز بیت.**

**بڕوخێت ڕژیمی دژ بە کرێکاری کۆماری ئیسلامی**

**سەرکەوتو بیت خەباتی حەق خوازانەی کرێکاران**

**سەرکەوتو بێت شۆڕش! هەر بژی کمونیزم**

چریکە فەدایەکانی خەڵکی ئێران

یەکی مانگی گوڵانی ١٣٩٨ بەرابەر بە ٢١ ئاوریلی ٢٠١٩